# کورد و ئەگەرەکانی ئاینده

**١-٣**

ئاسۆ کەریم
Aso2karim@yahoo.com

له سیاسه‌تدا، پێداچوونه‌وه، پێ له عه‌یبی خۆ نان و خۆسازدانه‌وه، هه‌میشه کارێکی پێویست بووه. ئه‌گه‌ر ئه‌وه بۆ ئه‌مریکا، بۆ خه‌ڵکی دی راست بێ، بۆ ئێمه‌ی کوردیش راست و درووسته. بۆ پێداچوونه‌وه‌ش، ده‌بێ واقیع و راستییه‌کان وه‌کو هه‌ن، جا پێمان خۆش بن یان نا، هێزو توانای خۆمان بێ که‌م و زیاد، بزانین و له‌به‌رچاو بگرین. له‌سه‌ر بناخه‌ی شرۆڤه‌کارییه‌کی وا، بۆ هه‌موو ئه‌گه‌ران، پلان و نه‌خشه داده‌رێژرێ... له وڵاتانی تردا، بۆ کاری وا، چه‌ندین سه‌نته‌ر و ئینستیتوی دیراسات و لێوه‌کۆڵینی ستراتیجی هه‌ن و راسپارده به بڕیاربه‌ده‌ستان ده‌گه‌یه‌نن. دوا بڕیاریش، هه‌روه‌کو له هه‌موو دنیادا باوه، بۆ سیاسه‌توانان و کاربه‌ده‌ستانی وڵاته‌که‌یه. مخابن لێره، له کوردستاندا، جارێ شتێکی له‌م بابه‌ته نییه، ئه‌گه‌ر هه‌شبن، زۆر سه‌ره‌تایی و سه‌نگێکی ئه‌وتۆیان نییه.

له دوای راپۆرته‌که‌ی بیکه‌ر- هاملتۆن-ه‌وه، له‌ناو کورداندا، چ له‌سه‌ر ئاستی ره‌سمی و چ له‌سه‌ر ئاستی گه‌لێری، کاردانه‌وه، شرۆڤه‌کاری، بۆچوون و هه‌ڵسه‌نگاندنی جیا-جیا هه‌بووه. من لێره‌دا، ئه‌و بۆچوون و شرۆڤانه پۆلێن ناکه‌م. لێ به‌شێکی ئه‌و نووسین و ده‌ربڕینانه، مۆرکی ره‌تکردنه‌وه‌یان پێوه دیار بووه‌و به‌کورتی راپۆرته‌که‌یان پێ غه‌یره ئه‌خلاقی بووه. لێ ئه‌وه‌ی ده‌کرێ و هه‌قه به‌جیدی قسه‌ی له‌سه‌ر بکرێ ئه‌وه‌یه که داخوا ئه‌و "قه‌واره نیمچه سه‌ربه‌خۆیه‌ی کوردستانی عیراق" ده‌کارێ له چوارچێوه‌ی ده‌وڵه‌تی خۆنه‌گرتوو پڕ کێشه‌ی عیراقدا، بمێنێته‌وه‌و خۆی رابگرێ و زه‌ره‌ری پێ نه‌که‌وێ و ئاواتی کوردان به‌رجه‌سته بکا، له بارێکدا ئه‌و وڵاته به‌کرده‌وه شه‌ڕێکی رانه‌گه‌یه‌ندراوی نێوان سوننه- شیعه‌ی تێدا به‌رێوه‌ده‌چێ و دوور نییه ئاقاری فره‌وانتر به‌خۆوه بگرێ؟ تۆ بڵێی پرۆسه‌ی سیاسیی " تۆ بڵێ دامه‌زراندنه‌وه"ی ده‌وڵه‌تی عیراق، به‌ته‌واوی به بنبه‌ست نه‌گا و ئه‌مریکا له‌مباره‌وه فه‌شه‌ل نه‌هێنێ؟ ئه‌گه‌ر به بنبه‌ست گه‌یشت، ئه‌گه‌ره‌کان چین، پێگه‌ی کورد له هه‌ر ئه‌گه‌رێکدا چی ده‌بێ؟ ئه‌و هه‌ڕه‌شانه کامانه‌ن که له ئێستا و له ئاینده‌دا، به‌رۆکی کوردو قه‌واره سیاسییه‌که‌ی ده‌گرن؟ کورد چ ئاماده‌سازییه‌کی هه‌یه؟ تا چه‌ند کورد، بواری مانۆر و هه‌ڵسوڕان و رێکخستنه‌وه و به‌کارهێنانی کارته‌کان هه‌یه؟ هه‌وڵ ده‌ده‌م به‌شێوه‌یه‌کی هاکه‌زایی، که زێتر مۆرکی رۆژنامه‌وانییان پێوه دیار ده‌بێ تا زانستانه، بۆچوونی خۆم ده‌رببڕم. جێگه‌ی ئاماژه‌پێکردنه له‌مباره‌وه باسێکی د. بورهان یاسین به‌ناوی راپۆرتی بیکه‌ر- هاملتۆن: سیاسه‌تی ئه‌مریکا به‌بنبه‌ست گه‌یشتووه یا پرۆژه‌ی "عیراقی دیمۆکراتی و فیدرالی"؟ و باسێکی تر به‌ناوی

U.S. Policy and the
Safety of Kurdistan
by, Kouafmann زێتر

له‌وانی دی، سه‌رنجی منیان راکێشاوه.



به‌مه‌زه‌نده‌ی من ئه‌گه‌ره‌کانی ئاینده ئه‌مانه‌ن:

× یان ئه‌وه‌ته ئه‌م ره‌وشه‌ی هه‌رێمی کوردستانی عیراق وه‌کو ئێستا هه‌یه، واته ئه‌م نیمچه سه‌ربه‌خۆییه، ده‌مێنێته‌وه و خۆی له شه‌ڕی تایه‌فی نێوان شیعه‌و سوننه دوور ده‌گرێ و به‌هیوای "عیراقێکی دیموکرات و فیدرالی" ده‌وری به‌لانس راگرتن و ناوبژیوانی له عیراقدا ده‌گێڕێ.

× یان ئه‌وه‌ته ئه‌م هه‌رێمه‌ی ئێمه، به ناچاری و به پشته‌وانی ئه‌مریکاو ده‌وڵه‌تانی دی، ده‌بێ به ده‌وڵه‌تێکی سه‌ربه‌خۆی دانپیانراو.

× یان "گوێی شه‌یتان که‌ڕ بێ" ئه‌م هه‌رێمه‌ی ئێمه، ئه‌و نیمچه سه‌ربه‌خۆییه‌ی له‌ده‌ست ده‌چێ و دوچاری کاره‌ساتێکی تری سیاسی و ئینسانی ده‌بێ. جا ئه‌م ئه‌گه‌ره‌ی دوایی له‌به‌ر هه‌ر هۆکارێک رووبدا: چ کشانه‌وه‌ی به‌په‌له‌ی هێزه‌کانی ئه‌مریکا بێ، یان تێوه‌گلانی کورد له شه‌ڕی ئه‌هلی ناو عیراق و ده‌خاله‌تی ئه‌قلیمی و...

بۆ ئه‌گه‌ری یه‌که‌م، واته به‌رده‌وامبوونی ئه‌مریکا له‌سه‌ر پرۆژه‌ی بنیاتنانه‌وه‌ی ده‌وڵه‌تی عیراق و رێگه‌گرتن له هه‌ر دابه‌شبوونێکی ئه‌وتۆ که له ئاینده‌دا جیابوونه‌وه‌ی لێ بکه‌وێته‌وه. تا ئێستا به‌زۆری و به‌ره‌سمی هه‌م ئه‌مریکا بڕوای به‌م پرۆژه‌یه هه‌یه‌و هه‌م وڵاتانی ده‌وروبه‌ر، هه‌م دنیاش پشته‌وانی له‌و پرۆژه‌یه ده‌که‌ن، عاره‌بیش به شیعه‌و سوننه‌وه له‌مباره‌وه هاوڕان. لێ گرفته‌که له چۆن چۆنی بنیاتنانه‌وه‌که‌و پارسه‌نگی نێوان پێکهاته‌کانی ناو عیراقدایه. کورد، وه‌نه‌بێ به‌ره‌سمی له‌دژی ئه‌م بنیاتنانه‌وه‌یه کاری کردبێ، به‌ڵکه "هموم"ی سه‌رکردایه‌تیی سیاسی ئه‌وه بووه، له هاوکێشه‌ی نێوان ده‌سه‌ڵاتی ناوه‌ندو ده‌سه‌ڵاتی هه‌رێمدا، نیمچه سه‌ربه‌خۆیی کوردستان که به‌ر له ٢٠٠٣ چۆن بووه، بپارێزێ و به‌ده‌ستووری بکا. له‌سه‌ر ئه‌و ئه‌ساسه کورد خوێندنه‌وه و نه‌خشه‌و ئاماده‌سازیی خۆی هه‌بووه. له‌م ئه‌گه‌ره‌دا، به‌ره‌ی ناوخۆی کوردستان، وه‌کو له‌به‌رچاوه‌و وه‌کو زه‌روره‌تیش، به‌ناچاری یه‌کگرتوو ده‌مێنێته‌وه. ئه‌م پێکه‌وه کارکردنه‌ش، بواری هه‌ڵسوڕان و مانۆرو خۆسازکردن بۆ سه‌رکردایه‌تی سیاسی ده‌ڕه‌خسێنێ و ده‌توانێ به‌پێی هه‌لومه‌رجی کۆنکرێت هه‌ڵوێست وه‌ربگرێ و سیاسه‌ت بکا. له بارێکدا ئه‌گه‌ر ره‌وش له عیراقدا هێور بێته‌وه‌و جۆره سازانێکی نێوان شیعه‌و سوننه رووبدا، به بڕوای من، مادده‌ی ١٤٠، ئه‌گه‌ر بۆ ماوه‌یه‌کی کاته‌کیش بێ، وه‌کو هۆکارێکی هاوهه‌ڵوێستی شیعه- سوننه‌ی لێ دێ، ئیدی ئه‌م هاوهه‌ڵوێستییه کۆسپ و ته‌گه‌ره له‌به‌رده‌م به‌ره‌وپێشچوونی ئه‌م هه‌رێمه دروست ده‌کا و ره‌نگه له بارێکی وادا درز بکه‌وێته نێوان کوردو شیعه، که تا به‌مڕۆ راده‌گا، وێرای هه‌ندێ ناته‌باییش، له حکوومه‌تی ناوه‌ندیدا "هاوپه‌یمان"ی یه‌کترن، ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌ش بهێنینه‌وه بیر که قانوونی پێکهێنانی هه‌رێمان له عیراقدا بۆ ماوه‌ی ١٨ مانگ جێبه‌جێکردنی دواخراوه‌و ئه‌گه‌ر جێبه‌جێ بکرێ ده‌که‌وێته ساڵی ٢٠٠٨-ه‌وه، به‌م پێیه ماوه‌ی جێبه‌جێکردنی مادده ١٤٠ ده‌که‌وێته پێش پێکهاتنی هه‌رێمی باشوور که به‌شێکی به‌رچاوی شیعه‌کان داوای ده‌که‌ن و له‌سه‌ر ئه‌و ئه‌ساسه‌ش پشته‌وانی له فیدرالیزم له عیراقدا ده‌که‌ن. گریمان زۆربه‌ی

شیعەکان دژی جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە نەبوون، بەتایبەتی "المجلس الاعلی للپورە الاسلامیە فی العراق"، تۆ بڵێی لەبەرانبەر ئەوەدا، ئەوان چیان لە کورد بوێ و کورد دەتوانێ چییان بۆ بکا. دووەم: ئەگەر شەڕی تایەفی نێوان شیعە- سوننە، بەردەوام بوو، لە مەودای نزیکدا ئاشتبوونەوە نەهاتەدی، لە ئاکامدا بەغدا بووە دوو ناوچەی باڵادەستی شیعەنشین و سوننەنشین، یان شیعە بە قازانجی خۆیان شەڕەکەیان لە بەغدا ساغکردەوە، ئەوەدەم لەبەرانبەر کوردا هەمان هەڵوێستی خۆکڕکردن و "بێ دەنگیی" ئێستایان دەبێ، یان هەوای دەسەڵاتی ناوەندی زێتر لەسەریان دەداو لەگەڵ کوردیش دەیکەنە هەللا. یان ئەگەر شەڕەکە ساغ نەبۆوەو وڵاتانی ئەقلیمیش بەپێی ئەو سەنگەربەندییەی لە ناوچەکەدا دروست بووە، بە سەنگ و هێزێکی پترەوە دەخالەتیان تێدا کردو شەڕەکە تەشەنەی کردو درێژەی کێشا چمان بەسەر دێ، بێ شک ئەو دەم دەرفەتێکی کەم بۆ هەڵسوڕانی حکوومەتی باڵادەستی شیعەو، وجودی کورد لە پێکهاتەی ئەو حکوومەتەدا، دەمێنێتەوە، یان ئەوەتا دەبێ کورد بەناچاری بەلایەکدا خۆی ساغ بکاتەوە! خۆ ئەگەر "ترتیبات"ی ناوچەیی و دەولیش وای خواست، عیراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، ئەوا لە ئاکامدا پرسی پێکهێنانی "حکوومەتی یەکێتیی نیشتمانی" دێتەدی و رەنگە لەم بارەشدا لە بەشی کوردیش کەم ببێتەوە. ئەگەری ئەم سیناریۆیە، دوور نییە، ئەگەر رەچاوی ئەوە بکەین ئەمریکا زۆر پێ لەسەر "ئاشتبوونەوەی نیشتمانی" دادەگرێ وەکو میکانیزمێک بۆ بەشداریپێکردنی زیاتری سوننەکان و رازیکردنی هەندێ دەوڵەتی ناوچەکە و بە هیوای کەمکردنەوەی توندوتیژی، لە حاڵەتێکدا ئەگەر خۆی لەسەرەوەو بێ ئیرادەی ئەم لاو ئەولا، چارەسەرێکی تری رەوشەکە نەکا!

کورد رەنگە لە ماوەی پەرەسەندنی شەری تایەفیدا، لە کوردستاندا بتوانێ، ئەو نیمچە سەربەخۆییەی خۆی بپارێزێ، بەڵام سەررەحەت نابێ و ئاسەوارەکانی توندوتیژی و شەڕی ئەوان بەرئەویش دەکەون، دوور نییە شاڵاوی ئاوارەی عەرەب بۆ کوردستان زۆرتر ببێ و بارگرانی مرۆیی زۆر لەسەر حکوومەتی کوردستان دروست بکاو لە بواری بژێو و ئاوەدانکردنەوەو بووژانەوەدا تووشی دژواری و قەیران ببێ، ئەگەر واشمان دانا لە بواری ئەمنی و سەربازیشەوە، بەپشتبەستن بەتوانای خۆی، سەلامەت بێ یان بەشێکی هێزەکانی ئەمریکا بکشێنەوە کوردستان!

سێیەم: تا ئێستا ئێران، تورکیا و سوریا وەکو سێ دراوسێی کوردستان، هەرگیز لەگەڵ مانەوەو پێشڤەچوونی قەوارەی کوردستانی عیراقدا نەبوون. بەڵام مەرج نییە بەکردەوە وا بمێنێتەوە، راستە ئەم سێ وڵاتە بەرانبەر بەکورد هەڵوێستێکی نیمچە یەکگرتوویان هەبووەو هەیە، لێ بەحوکمی ئەوەی لە دوو میحوەری جیادا خۆیان دەبیننەوە، بواری مانۆر و جولە بۆ کورد هەڵکەوتووە بەپێی هەلومەرج و کاودانی کۆنکرێت و پەرەسەندنی پێشهاتەکان ببزوێ.

چوارەم: دەوری ئەمریکا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە پاراستنی کوردو قەوارە نیمچە سەربەخۆیەکەی. ئەم هۆکارە بۆ ئێمەی کورد گرنگ بووەو گرنگە و ناکرێ نادیدە بگیرێ. لە هەڵسەنگاندنیشدا پتر حیساب لەسەر ئەم فاکتەرە وەکو گەرەنتییەک بۆ پاراستنی کوردو قەوارەکەی کراوە و دەکرێ، بەهەرحاڵ تا ئێستا ئەم هەڵسەنگاندنە راستییەکی زۆری تێدایە. چونکە لە دوای دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ و پێکهێنانی ناوچەی ئارام، کورد شیا ئیدارەی خۆی لەسەر بەشێکی کوردستان دروست بکاو بەهۆی ئەم پاراستنە نێودەوڵەتییەو بە کۆمەکی رێکخراوە نێودەوڵەتییە ناحکوومییەکان، بەشێکی گوندەکانی کوردستان ئاوەدان بکاتەوە.. حکوومەتی صەدام-یش هەر ئەوان لایان بردو دژمنێکی گەورەیان لەکۆڵ کورد کردەوە. دەکرێ لێرە بەدواوە، وێرای گرنگیدان و حیسابکردن لەسەر ئەم فاکتەرە، هۆکارەکانی تریش، بەتایبەتی هۆکاری ناوەکی باشتر بخوێندرێنەوە.

هاوئاهەنگ لەگەڵ ئەمەدا پێویستە لە ناوەوەی کوردستاندا، جەخت لەسەر بەهایە جیهانییەکان بکەینەوەو وەک کاردانەوە لە بەرانبەر هەندێ سیاسەت و بۆچووندا، لێیان پاشگەز نەبینەوە: وەک جێگیرکردنی دیموکراسی، رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، بە تایبەتی مافەکانی ئافرەتان و نەتەوەکانی وەکو تورکمان و کلدان و ئاشووری و کەمینەی ئەرمەن، ئاشتی دۆستی، لێکبوردن و برایەتی نێوان ئایینەکان و گەلان، کرانەوەو بازاری ئازاد، بەربەرەکانێی تیرۆریزم... دەبێ ئەم زمانە هاوبەشەمان لەگەڵ دنیای پێشکەوتوودا هەبێ و پەرە پێ بدەین. لەباری واشدا دیموکراسی رۆژئاوایی-یش، بە ئاسانی دۆستایەتی کورد لە ناوچەکە نادۆڕێنێ. لەمبارەوە وتارەکەی تۆنی بیلێری سەرۆکی وەزیرانی بەریتانیا بخوێننەوە:

## A battle for global values،by Tony Blair

هەروا پێویستە لە کوردستاندا باشتر حکوومەتایەتی بکەین، دامەزراوەکانی وەک پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگەو دادگاکان یەکبخەینەوە، بە خزمەتگوزارییە گشتییەکان رابگەین، باشتر بودجەی حکوومەت بۆ سوودی گشتی بەکار بەرین و بەرەنگاری فەساد ببینەوە، دەروازەو ناوماڵی خۆمان لە رووی ناحەز و تیرۆریستی بیانی و "هاوتوخمانیان" لە ناوەوە قایم بکەین، ئەگەر وامان کرد، لە هاوکێشەکاندا حیسابی زێترمان لەسەر دەکرێ.

لە هەوڵ و تەقەلای دیپلۆماسیشدا، تا بکرێ لەم قۆناخەدا، تا سەرە داوەکان جوانتر دەردەکەون، هاوسەنگی لەنێوان "متطلبات"ی کورد بوون و پاراستنی قەوارە نیمچە سەربەخۆیەکەی کوردستان و "متطلبات"ی مانەوەمان لەناو عیراقدا رابگرین و بەوردیش موتابەعەی هەر گۆرانکارییەک بکەین کە بەسەر سیاسەتی ئەمریکاو .. تردا دێ. چونکە مەرج نییە ئەمریکا تاسەر لەسەر پرۆژەی خۆی بۆ بنیاتنانەوەی دەوڵەتی عیراق، بەردەوام ببێ. لێرەوە پێویستە هەڵمەتێکی تر هەم لەسەر ئاستی رەسمی و هەم غەیرە رەسمیدا، بۆ تێگەیشتن لە داخوازییە رەواکانی کورد بەرێوە ببردرێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بخرێتە بەردەم بەرپرسیارەتی قانوونی، سیاسی و "ئەخلاقی" لە بەرانبەر کوردا، کە لە سایەی حکوومەتی صەدام حوسێن، دوچاری جینۆسایدو گۆری بەکۆمەڵ و چەکی کیمیایی... بووەوە، لەوما لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە رێگەنەدا جارێکی تر کورد ستەم و زۆری لێ بکرێ.. چونکە بەپێی بنەماکانی قانوونی نێودەوڵەتی ئەوە ئەرکی تەواوی دەوڵەتان و نەتەوە یەکگرتووەکانە، رێگە نەدەن هیچ گەلێک، بە کوردیشەوە، دوچاری جینۆسایدو کارەساتی مرۆیی ببێتەوە. چەند رۆژێک لەمەوبەر بەبەرچاوی دنیاوە، لە دادگای باڵای جینایی عیراقیدا، وەزیری لەسەرکارلابراوی بەرگری عیراق، هاشم سوڵتان دانی بەوەدانا کە ئەوو چەند گەورە ئەفسەرێکی تر شاڵاوەکانی ئەنفالیان دژ بە کورد لە ١٩٨٨دا بەرێوەبردووە.

ئەوەش بەبیر ئەمریکا بهێندرێتەوە، یەکێک لە هۆکارەکانی شەڕ لەگەڵ حکوومەتی صەدام حوسێن، بە قەولی ئەمریکاییەکان کە شەرعیەتی هێز بەکارهێنانی پێدان دژی دەوڵەتێکی سەروەری وەک عیراق، دیفاعکردن بووە لە مافەکانی مرۆڤ . گەورە بەرپرسانی ئەمریکاش هەمیشە کوردیان بە نمونە دەهێنایەوە. هەر بۆ نمونە لە فکرمانە کۆلن پاول، وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمریکا، لەسەر مەزاری شەهیدانی هەلەبجە چی گوت! بۆیە پشتکردنە ئەو بەهایانە لەمتمانە و هەیبەتی ئەمریکا لە ناوچەکەو دنیادا کەم دەکاتەوە لە "شەڕی رزگارکردنی عیراق"یشدا، کورد لەتەک هێزەکانی ئەمریکا، بەرەیەکی کارای کردەوە، شارەکانی وەک کەرکووک و موسڵ رزگارکران، کورد لەو شەڕەشدا بایی خۆی قوربانی داوەو لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمیش دەورێکی کارای گێڕاوەو دەگێرێ، لێ نەگەڕاوە ناوچەکەی ببێتە مەکۆی "قاعیدە"و هاوشێوەکانی.

لەدیماهی و بەگشتی کورد بێ دەست و قاچ نییە، ئێستا هەم دەتوانێ لەسەر بنەمای قازانجی دوو لایەنە، ریعایەتی بەرژەوەندییەکانی لایەنی بەرانبەر بکاو هەم دەتوانێ، ئەگەر لایەنی بەرانبەر ناحەزو نەیار بێ، بەرژەوەندییەکانی ئەو تەرەفە بخاتە خەتەر یان تێکبدا!